**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**بەیان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠٠٧) و لەبەر پێویستی کار ، بڕیارماندا بە:-

١- بەرزکردنەوەی پلەی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری لە دیوانی وەزارەت .

٢- ئەم بەڕێوەبەرایەتیە راستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی دەبێت لە هەیکەلی تەنزیمی وەزارەت .

٣- هۆبەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەمانەی خوارەوە پێك دێت :

- هۆبەی ( خزمەتگوزاری تەکنە لۆجیای زانیاری – ناسنامەی ئەلیکترۆنی فەرمانبەران – پرۆگرامسازی ) .

٤- پێدانی گشت ماف و ئیمتیازات بەم بەڕێوەبەرایەتیە و هۆبەکانی .

٥- ئەم بەیانە کاری پێدەکرێ لە بەرواری دەرچوونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/١٧ .

**کامل حاجی علی**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٢**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢) لە یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیارماندابە:-

- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی دایەنگای منداڵانی رزگاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان لە پێناوی خزمەتکردنی منداڵانی ئەو دەڤەرە لە ناحیەی رزگاری لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**